# یاسای پووچەڵکردنەوەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ١٨**

**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/١١/٣٠**

پشت بە حوکمەکانی برگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای وەزیری کشتوکاڵ وئاودێری وڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاسارکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(٢١)ی رۆژی (٢٠٠١/١١/٢٩)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە(٣)ی مادەی دووەم لە یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠٠١

## یاسای پووچەڵکردنەوەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران

**ماددەی یەکەم:**

یاسای ژمارە(٤٣)ی ساڵی(١٩٧٧)ی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکار دەخرێ.

**ماددەی دووەم:**

کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران لە هەرێمی کوردستاندا پووچەڵ دەکرێنەوەو، هەموو موڵک ومالی دەستهەڵگرو دەستهەڵنەگر(گواستەنی وناگواستەنی)یشیان دەبن بە موڵک ومالی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێریی هەرێمی کوردستانی عێراق و بەناوی ئەو وەزارەتەوە تۆمار دەکرێن.

**ماددەی سێیەم:**

هەردەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بلاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**